# هەواڵ هەواڵ

## هەولێر: دزی شەوانە دەستی پێکردۆتەوە

بەگوێرەی هەواڵ کاتژمێر 23ی ڕۆژی 1-12-2007 لە کۆڵانی ناسراو بە مەلا عوزیری گەرەگی مەنتکاوە چەند چەکدارێکی دەمامکدراو هەڵدەکوتنە سەر ماڵی وڵاتی (جەلال خالید)، بەزەبری چەک هەرچی پارەوپوولی دەبێ لێیدەسێنن.
بەگوێرەی زانیاریەکان دزەکان لە نەبوونی کارەبا دەرفەت وەردەگرن و ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، هەندێک کەس سەرهەڵدانەوەی دزیکردن بۆ گرانی بازاڕ دەگێڕنەوە، هەندێکی دیکە لەوباوەڕەدان کە دیاردەی دزیکردن لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕیژەی هەیە. کۆمەڵگەی کوردەواریش لەو ڕێژەیە بێبەش نیە.

## سلێمانی : کارەبا دوو کرێکار دەکوژێ

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 19-1-2007 بەهۆی هەڵەی کارەبایی لە ئامێرکەوە دوو کرێکار گیانیان لەدەستداوە.
بەگوێرەی هەواڵەکان دووکرێکاری بیناسازی کە لەپرۆژەیەکی کۆمپانیای بەیزای تورکیدا لە نزیک گەڕەکی مەجید بەگی شاری سلێمانی کاریان دەکرد، بەهۆی تەقینی بۆڕی پەمپی خەباتەیەکەوە گیانیان لە دەستداوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکان ناویان (س و م)بووە ، یەکەمیان خەڵکی خانەقی و ئەوی دیکەشیان عەرەبی باشووری عێراق بووە.

## ژنێک دەسووتێ

ئێوارەی ڕۆژی 16-1-2007 ژنێکی دانیشتووی ناحیەی دارەتوو بە ناوی (پ.ع)، تەمەن 24 ساڵ کە خاوەن سێ منداڵ بوو بە هۆکارێکی گوماناویەوە ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا، بەوهۆیەوە بە ڕێژەی 95% سووتا، دوای ڕووداوەکە دراوسێکانی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجینسی شاری هەولێری دەکەن، بەڵام دوای دوو ڕۆژ، واتە 18-1-2007 لەبەر سەختی برینەکەی گیان لەدەست دەدات.
هەرچەندە تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕاستینی سووتانەکە ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کە ناپاکی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کردووە و پێوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەستووە، کاتێ لێی ئاشکرابووە لە شەرمانا ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

## گەنجێک دەکوژرێ

شەوی 17-1-2007 لاوێکی تەمەن 18 ساڵانی شاری هەڵەبجە بەناوی ( م.س.ق) لە ڕووداوێکی نارۆشندا لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا دەکوژرێ. خزم و کەسانی دووپاتی دەکەنەوە کە بۆخۆی بە دەمانچە خۆی کوشتووە، بۆیە داوایان لە دژی کەسدا تۆمار نەکردووە.
ئەوەی شیاوی باسە هۆکاری خۆکوشتنەکە نەزانراوە، بەگوێرەی زانیاریەکانیش لاوەکە هیچ کێشەیەکی لاوەکی نەبووە.

## کەلار: باندێکی ئۆتۆمۆبیل دز دەستگیر دەکرێن

هەواڵەکان: بەپێی زانیاریەکانی بەڕێوەبەریتی ئاسایشی گەرمیان لە ڕۆژانی ڕابردوودا باندێکی ئۆتۆمۆبیل دز کە لە 5 کەس پێکهاتووە، ئاشکرا کراون. دوو کەس لە ئەندامانی باندەکە دەستگیرکراون کە یەکێکیان عەرەبی شاری بەغداد و هاوکارەکەشی کوردی کوردستانە.ئاسایش دووپات دەکاتەوە کە لەپێوەندی هەمان بابەتدا دادوەر فرمانی گرتنی سێ کەسی دیکەی داوە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەم باندە تەنیا لە شاری کەلاردا دوو ئۆتۆمۆبیلیان دزیووە، یەکێکیان ئاشکرا بووەو لەلایەن پۆلیس دەستی بەسەردا گیراوە

## فایلدارێک خێزانەکەی ڕەوانەی ئەورووپا دەکات

سەرچاوەیەکی تایبەت بە (ڕۆژی گەل)ی ڕاگەیاند کە فایلدارێکی ناسراوی دانیشتووی هاوینەهەواری پیرمام بەناوی(ە. م. س) لە ترسی ئەوەی نەوەک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ و ڕادەستی دادگە بکرێ، خێزانەکەی و منداڵەکانی خۆی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کردووە. سەرچاوەکە لەو باوەڕەدایە کە ناوبراو چاوەڕوانی دۆسیەی فایلدارەکان دەکات، ئەگەر بزانێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، ئەوە خۆشی بەرەو هەندەران دەڕوات. هەرچەندە ئەو فایلدارە لەلایەن حزبێکەوە پشتیوانی لێدەکرێ و ئەگەری ڕادەستکردنی بە دادگە و لێپرسینەوە لاوازە، بەڵام دیسانیشەوە چونکە خەڵکی ناوچەکە بە گومانەوە لێیدەڕوانن و وەکو جاران هەڵسوکەوتی بازرگانی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ناکەن، هەست بە ریسوایی دەکات و دەیەوێ لەبەرچاوان ون بێ و دوور بکەوێتەوە.

## شەقڵاوە: پێکدادانی ئۆتۆمۆبیل زیانی لێدەکەوێتەوە

ڕۆژی 9-1-2006 لەگەڕەکی سۆرانی شاری شەقڵاوە دوو ئۆتۆمۆبیل تامپۆن دەکەن، لەئەنجامدا یەکێ لە شۆفێرەکان بەناوی (ق. ز) لەگەڵ ژن و منداڵێکی گیانیان لەدەست دا. بەپێی قسەی گەواهیدەران و ڕاپۆرتی پۆلیس هۆکاری ئەم بەریەککەوتنە خێرا لێخوڕین بووە. ئەمەش بۆ کەمتیەرخی و سەرپێچیکردنی ڕێنوێنیەکانی هاتوچۆ دەگەڕێتەوە.

## کچێک سکاڵا لەدژی براکانی تۆمار دەکات

ڕۆژی 11-1-2007 کچێک بە ناوی(ن) دانیشتووی شاری ڕەواندوز پەنا بۆ پۆلیس دەبات و سکاڵا لە دژی براکانی تۆمار دەکات.
بەگوێرەی هەواڵ کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسێک چەند جار خوازبێنی ئەو کچەی کردووە، بەڵام براکانی کچەکە ڕازی نەبوونە و ڕێگەیان پێنەداوە شووی پێ بکات، دواتریش هەڕەشەیان لێ کردووە ئەگەر ئەمجارە بێتەوە خوازبێنی، دەیکوژن، ئەویش بە ناچاری هانای بۆ دادگەو یاسا بردووە. بەوهۆیەوە هەرهەمان ڕۆژ لەسەر بڕیاری دادوەر، پۆلیسی ڕواندوز سێ برای کچەکە بە ناوەکانی (ە، گ ،م) دەستگیر دەکات و پەروەندەی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە.

## نەبوونی سووتەمەنی ژینگەپارێزی بێدەستەڵات دەکات

ئەمساڵ زۆری باران و بەفر و نەبوونی سووتەمەنی خەڵکی کوردستانی هەراسان کردووە، خەڵکی گوندەکانی سنووری چیای سەفین بەناچاریەوە پەلاماری دارو دەوەنی سنوورەکە دەدەن و دەیانبڕنەوە، بارەگای ژینگەپارێزی سنوورەکە هەوڵدەدات بەرگری لە شاڵاوی داربڕینەوە بکات، بەوهۆیەوە دووچاری کێشەو دەمەقاڵە دەبێتەوە، سەرەنجام خەڵکەکە پەلاماری بارەگای ژینگەپارێزی ناوچەکە دەدەن، پۆلیسەکان ناچار دەبن کە بارەگاکەیان چۆڵ بکەن.

# چل پەرلەمانتاری سویدی ئەنفالکردنی کورد وەک ژینۆساید دەناسێنن

ڕۆژی 18-1-2007 کۆمیتەی سویدی ناوەندی چاک لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرایان کردووە کە لە کەمپینێکی کەموێنەدا بۆ ناساندنی ئەنفالکردنی کورد وەک ژینۆساید توانیانە پشتیوانی 40 کەسایەتی ناسراوی ئەو وڵاتە وەدەستبێنن و ئیمزایان لێوەربگرن.
ناوەندی چاک لە ڕاگەیاندراوێک ناوی ئەو 40 کەسایەتیەی ئاشکراکردووە کە کەمپینەکەیان واژۆکردووە، لە نێوانیاندا سێ سەرۆکی پارتی سیاسی و دەیان ئەندام پەرلەمانی تێدایە.کۆمیتەی سویدی ناوەندی چاک لە ڕاگەیاندراوەکەیاندا نووسیویانە:( **بەپێی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی سوید هەمانە، هەست بەوە دەکەین ئەگەری سەرکەوتنی زیاترمان بۆ ناساندنی ئەنفال بەجینۆساید هەیە، بۆیە ئێمە درێژە بەو کەمپینە ی خۆمان دەدەین ، بەو هیوایەی بتوانین زیاتر مەسەلەی ئەنفال بگەیەنینە ناوەندە سیاسی و میدیاکانی ئەم وڵاتە).**
ئەمەش ناوی ئەو 40 کەسایەتیەی کە پشتیوانی خۆیان لە کەمپینەکەدا کردووە:

1- لارش ئۆلێ
سەرۆکی پارتی چەپ
2- مۆنا سالین
سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی سویدی
3- پیتەر ئەریکسۆن
بەرپرسی یەکەمی پارتی ژینگە
4- ئەلیسا ئۆستروم
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی چەپی سویدی
5- میکائیل یۆهانسۆن
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ژینگە
6- ڕۆگەر تیا فەنسە
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سەنتەر
7- بۆدیل کەبەلۆس ئەندام
پەرلەمان و ڕێکخەری پەرلەمانتارانی پارتی ژینگە
8- ئانیە یۆهانسۆن
ئەندام پەرلەمان و ڕێکخەری پەرلەمانتارانی پارتی سەنتەر
9- یاقوب یوهانسۆن
ئەندام پەرلەمانی ئەورپی لەسەر لیستی پارتی چەپ
10- سیف هۆلم
پارتی چەپ
11- تۆربیۆرن بیۆرلۆند
پارتی چەپ
12- یۆسفین برینک
پارتی چەپ
13- پێر بولۆند
پارتی ژینگە
14- هیلینا لیاندەر
پارتی ژینگە
15- ڕوسانا دینا مارکا
پارتی چەپ
16- ماریا ئینگستروم
پارتی چەپ
17- ئیگۆن فرید
پارتی چەپ
18- میکائیل دەمبەری
سۆسیال دیموکرات
19- وی وی ئان یوهانسۆن
پارتی چەپ
20- کالێ لارشۆن
پارتی چەپ
21- هانس لیندا
پارتی چەپ
22- پەرنیلا زەتهراوس
پارتی چەپ
23- ئیڤا ئۆلۆفسۆن
پارتی چەپ
24- مارینا یێری
پارتی چەپ
25- ئۆلف هۆلم
پارتی ژینگە
26- فودریک مالم
پارتی گەل
27- تینا ئهن
پارتی ژینگە
28- یان لیندهۆلم
پارتی ژینگە
29- ماتس پێرتوفت
پارتی ژینگە
30- گنۆڤەر ئەریکسۆن
پارتی ژینگە
31- ئەمیر سەچت
سۆسیال دیموکرات
32- ئولە ئەندرسۆن
پارتی چەپ
33- ئۆلسۆن لێنا
پارتی چەپ
34- پیتەرسۆن پیتەر
پارتی چەپ
35- ئیلینا لینا
پارتی چەپ
36- ئۆلسۆن لیزا لیتا
پارتی چەپ
37- وەهلین گونێلا
پارتی چەپ
38- کێتت پێرشون
پارتی چەپ
39- کارلا لۆییز پارتی ژینگە
40- پیتەر ڕۆدبێری
پارتی ژینگە

## سۆران: خاوەنی بەنزینخانەیەک دەستگیر دەکرێ

ڕۆژی10-1-2007پۆلیسی شاری سۆران لە سەر سکاڵای ژمارەیەک شۆفێری شارەکە کە لە دژی خاوەنی بەنزینخانەیەک تۆماریان کردبوو، (ئی. گ)ی خاوەن بەنزینخانەکەیان دەستگیر دەکەن، شۆفێرەکان بەوە تۆمەتباری دەکەن کە ژمارەیەک کۆبۆنی بەنزینی گل داوەتەوە، فروفێڵی لە بەنزینەکە کردووە و بەنزینی خراپی لەگەڵ تێکەڵاو کردووە، بەمەش زەرەرو زیان بە ئۆتۆمۆبیلەکانیان گەیشتووە.

# هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد لە چەند کۆڕێکدا



کاتژمێر 20.15 ی ڕۆژی 5-1-2007 هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد**، سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان و سەرۆکی کاتی بەرەی گۆڕان بەشداری لە بەرنامەی **پێڤاژۆی** کەناڵی ئاسمانی( ڕۆژ تی ڤی) دا کرد.
بەرنامەی پێڤاژۆ بەرنامەیەکی سیاسیە بۆ شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژ، تایبەت بە کوردستان و ناوچەکە ڕاو سەرنجی سیاسەتمەدارو شارەزایان وەردەگرێ.
بەرنامەی پێڤاژۆ بۆ ڕۆژی 5-1-2007 میوانداریتی هەریەکە لە بەڕێزان ( **ڕێکار ئەحمەد** سەرۆکی بەرەی گۆڕان و **قادر نادر** نوێنەری ڕێکخراوی چاک) کردبوو، بەرنامەکە ڕاستەوخۆ لە کەناڵی ئاسمانی(ڕۆژ تی ڤی)یەوە بڵاو کرایەوە، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان بە تایبەتیش دادگەیی کردن و هەڵواسینی سەدام ، دەنگۆی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی شاری بەغداد و کاروچالاکیەکانی بەرەی گۆڕان قسەوباس کرا، ڕامانی بەرەی گۆڕان و ڕێکخراوی چاک خرانە ڕوو.
هەروەها **ناوەندی کولتور و خوێندنی کوردی لە شاری یۆتۆبۆری** وڵاتی سوید کاتژمێر16ی ڕۆژی 2007/1/7 سەبارەت بە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و ڕامانی بەرەی گۆڕان سیمینارێکی بۆ بەڕێز **ڕێکار ئەحمەد** سەرۆکی بەرەی گۆڕان لە هۆڵی ناوەندکەیان سازکرد.
کۆڕەکە لەلایەن بەرپرسانی ناوەندی کولتور و خوێندنی کوردی **و پارێزەر ڕەفعەت** هەڵەبجەییەوە بەڕێوەدەبرا. سەرەتا **کاک ئازاد ماوەتی** بەخێرهاتنی لە **ڕێکار ئەحمەد** و ئامادەبووان کرد، ئەوسا ڕەفعەت هەڵەبجەیی کورتەیەک لە ژیاننامەی ڕێکار ئەحمەدی بۆ ئامادەبووان باس کرد، دواتر **کاک ئەبوبەکر مورادی** بەرپرسی ناوەندی کولتورو خوێندنی کوردی مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەم سیمینارەی لەم کاتەدا بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە، پاشان **ڕێکار ئەحمەد** باسەکەی خۆی پێشکەش کرد، زۆر بە وردی سەبارەت بە ڕەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان دوا، بەکورتی ئەوانەی لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردووەوە لە باشووری کوردستان گوزەرابوون، خستە ڕوو. کۆڕگێڕ باسەکەی لەسەر سێ تەوەرەی (ئەوانەی کە دەبووایە نەکرابووان، ئەوانەی کە دەبووایە بکرابووان و ئەوانەی کە ئێستا دەکرێن) دابەشکردبوو، دواتر ئامانجەکانی بەرەی گۆڕان و ڕامانی بەرەی گۆڕانی سەبارەت بە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان و عێراق و ناوچەکە بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە، پاشان دەرگەی گفتوگۆ کرایەوە. 18 بەڕێز بە سەرنج و ڕامان و پرسیارەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندکرد.
ئەوەی شیاوی باسە کۆڕەکە جێگەی ڕەزامەندی ئامادەبووان بوو، هەموویان بە کۆڕێکی سەرکەوتوویان داناو هیوایان خواست لە داهاتووشدا درێژەیان پێبدرێ، هەروەها کۆڕەکە زیاتر لە 4 کاتژمێری خایاند.
ڕۆژی 9-1-2007 ژووری **کوردستان یونایتید** کە لە پاڵتاک و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدایە، کۆڕێکی بۆ ڕێزدار **ڕێکار ئەحمەد** سەرۆکی بەرەی گۆڕان ساز کرد. سەرەتا لەلایەن **هارون جافەوە** کورتەیەک لە ژیاننامەی **ڕێکار ئەحمەد** خوێندرایەوە، پاشان لەلایەن **کاک بەختیار** ئەدمینی ژوورەکەوە سروودی ئەی ڕەقیب لێدراو کۆڕەکە کرایەوە. کۆڕگێڕ بەرلەوەی باسەکەی پێشکەش بکات، ڕایگەیاند کە مەرج نیە ڕامانی خۆی و بەرەی گۆڕان لەگەڵ بۆچوون و ڕامانی ئامادەبووان یەکبگرێتەوە، سەرکەوتوویش لەوەدایە کە ڕامانەکان جیاوازبن تا بتوانرێ دانوستاندن و دیالۆکێکی بەسوود دروست ببێ. ئەوسا باسەکەی خۆی کە لەژێرناوی **هۆکارەکانی دامەزراندن و چالاکیەکانی بەرەی گۆڕان بوو**، پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. پاشان دەرگەی پرسیار و گفتوگۆ کرایەوە، چەند بەڕێزێک بە پرسیار و تێبینی و سەرنجەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.
ئەوەی شیاوی باسە کۆڕگێڕ زۆر ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوەو ڕێزی لە تێبینی و ڕامانی دیترانیشدا دەگرت، کۆڕەکە زیاتر لە چوار کاتژمێر و نیوی خایاند.
لەلایەکی دیکەشەوە هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد**، سەرۆکی کاتی **بەرەی گۆڕان** لە ماوەی گەشتەکەیدا بۆ ئەوروپا چەندین وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕادیۆ کوردیەکان ئەنجام داوە.

# پیرمام: بە نایاسایی زەوی لەسەر بەرپرسان تاپۆ دەکرێ

بەگوێرەی هەواڵەکان هەندێ کارمەندی شارەوانی ناحیەی سەلاحەدین (پیرمام) بەساختەکاری و بەرتیل زەوی وڵاتیانیان لەسەر کەسانی دیکە تاپۆکردووە، ئێستا کە بۆ خاوەن زەویەکان یان میراتگرانیان دەرکەوتووە و داوایان دەکەنەوە، شارەوانی داواکەیان ڕەتدەکاتەوەو بەرپرسانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو زەویانە موڵکی میری بوونەو کاتی خۆی بە گرێبەست بە جووتیاران دراون، چونکە ماوەیەک بە بەیاری هێڵراوەتەوە، ئیدی شارەوانی بە مافی خۆی زانیوە کە بە کەسانی دیکەی بدات.
خاوەنی ڕاستینی زەوییەکان دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەساختەکاری ئەو زەویانە لەسەر بەرپرسەکان و دەوڵەمەندانی ناوچەکە تاپۆکراون، ئەوانیش خانوو ڤیلاو باخی گەورەیان لێدروست کردوون.
ئەوەی شیاوی باسە زۆربەی زەویەکان لەنێوان پیرمام-کۆرێ، پیرمام- مەلائۆمەرن دان، خەڵکی ناوچەکەش ئەم هەڵسوکەوتە بە کارێکی نایەکسانی دەزانن و داوای لێکۆڵینەوەی یاسایی دەکەن.

# هەواڵی سەیر

* شۆفێرێک بەناوی ( م. ئا. س) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2006 بە ئۆتومبیل کەسێکی شاری کۆیەی شێلابوو. لەبەرئەوەی لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو دەسترۆیشتوو بوو، کاتی ئاشتەوایی و سوڵحەکەی ئەوەندە پارەیان بەدیاری بۆ هێنابوو کە زیاتر لە (150) وەرەقەشی بۆ مایەوە!
* وڵاتی (نەجات .ح) خەڵکی شاری کەرکوک ئۆتۆمبیلێکی حەڵاڵی خۆی برد بۆ شاری دهۆک بیفرۆشێ، هەرچەندە ئۆتۆمبیلەکە ساڵیانەی دهۆکی هەیە،بەڵام لەبەر ئەوەی مۆدیلی کۆنە، پۆلیسی دهۆک دەیگرێ و زیندانی دەکات ، دوای 10 ڕۆژ ئینجا ئازادی دەکەن و پێی دەڵێن کە بەهەڵە گیراوە. لەوماوەیەدا کەسوکاری ئەوەندە هاتووچۆی دهۆکیان کردو مەسرەفیان کرد کە هەر باسی لێوە ناکرێ، بەڵام نە داوای لێبووردنی لێکراو نە قەرەبووشی کرایەوە!
* زیاتر لە (3 مانگە) وڵاتی (س.ە) کە براکەی بەرپرسێکی سەربازیە، ئۆتۆمبیلێکی دزیوە ، کەچی دووکەسی دیکەی لەسەر گیراوە . بەم دواییانە بەرپرسێکی گەورە تر تەلەفۆنی بۆ براکەی کردووەو پێیگوتووە: ئیدی بەسە بابراکەت سەیارەکە بگەڕێنێتەوەو ئەو دوو کەسە بێتوانەش ئازاد بکرێن!
* کەسێک بە ناوی(ش)لەلای گوندی ڕجێیات نزیک کۆمەڵگەی گامێشەکانی تەرجیل تەرمیک دەدۆزرێتەوە، سەرەتا کەس نەیزانی کێ یە؟ هەندێ بەرپرسی دەستەڵاتدار لەو ڕۆژەدا ئامادەبوون و خستیانە ملی تیرۆرستان، بەڵام کابرایەک گوتوویەتی: هەموومان دەزانین ئەمە کێ یەو لەسەر چی کوژراوە؟ بۆچی لێرە فرێدراوە؟ نازانم بۆ ڕاستی نالێن؟!
* وڵاتیەکی گەڕەکی (حریە)ی شاری کەرکوک، ڕۆژی 2007/1/13 کاتژمێر 15:20 لەگەڵ دوو پۆلیس بەشەڕ هات لەبەر ئەوەی ئەوان بەبێ هۆ بەسەیارە بەتیژی لە گۆماوی ئاویان داوە، جل و بەرگی خەڵکیان پیس کردووە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی داوای بووردن لە خەڵکەکە بکەن، کەچی ئەوان لە خەڵکەکەیان داوەو جنێویشیان پێداوان!

# دەستەی هاوکاری ڕانیە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە

دوای هەراو زەنایەکی زۆری خەڵکی ڕانیە لەبەرامبەر هەفتەنامەی (دەروازەیەکی تر)دا کە بابەتێکی لەژێر ناوی نێربازەکان داوای مۆڵەتی ڕێکخراوێکی سەر بەخۆیان لەحکومەت دەکەن، ڕۆژی 16-1-2007 کۆبونەوەی هاوبەشی لایەنە پیشەیی و سیاسی و ئاییینەکانی دەڤەرەکە سازدرا، بەیاننامەی ریسواکردنی هەفتەنامەکە بڵاوکرایەوە، بەڵام نوێنەری دەستەی هاوکاری ڕانیە کەوەک ڕێکخراوێکی خزمەتگوزاری و هاوکاری پێشەنگ لەناوچەکە کارو چالاکی دەکات، ئامادەنابێ بەیاننامەکە ئیمزا بکات، بەوهۆیەشەوە لەلایەن خەڵکی دەڤەرەکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە.
ئەوەی شیاوی باسە بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشەیە قائیمقامی ڕانیە کێشەکەی ڕەوانەی دادگە کردووە، هەروەها دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەکەش بەکۆمەڵ دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە، کەچی سەرباری ئەوەشەوە هێشتا لەسەر فتوای پێشەواکانی ئاییینی ئەندامانی هەفتەنامەکە لەژێرهەڕەشەدان و پێویستیان بە پاراستن هەیە.

# دوای 12 ساڵ بەکەسوکاری شاد دەبێتەوە

گەنجێک بەناوی ئاوات ئیبراهیم خەڵکی بەستەستێنی سەر بە قەڵادزێ دوای 12 ساڵ دابڕان جارێکی دیکە بە کەسوکارەکەی شاد دەبێتەوە.
بەگوێرەی هەواڵ ئەو کەسە تەمەنی 15 ساڵان بووەو ساڵی 1994 لە ماڵ چووتە دەرێ و نەگەڕاوەتەوە، ئەو کات کەسوکاری سۆراخی دەکەن و لە زۆر شوێندا بەدوای دەگەڕێن و نایدۆزنەوە. سەرەنجام کەسوکاری بێهیوا دەبن، دوای تێپەڕبوونی 12 ساڵ، لە ئاسایشی قەڵادزێوە تەلەفۆن بۆ کەسوکارەکەی دەکەن کە ئێستا لە شارۆچکەی حاجیاوا نیشتەجێن، پێیانڕادەگەیەنن کە ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ئێستا لە بەندیخانەی سلێمانی ڕاگیراوە.
ئەوەی زانراوە کە ئەم گەنجە ساڵی 1994 بەرەو ئێران ڕۆیشتووەو خۆی گەیاندۆتە شاری تاران و لەوێ گیرساوەتەوە. ئەو ماوەیە خەریکی کاسبی بووە و دواتر بۆتە وەستای کاشی.
هەواڵەکان هۆی گەڕانەوەی ناوبراو بۆ ئازارەکانی غوربەت و ئاوارەیی دەگێڕنەوە. ناوبراو دووپاتی کردۆتەوە کە ڕەوشی ژیانی باش بووە بەڵام لەژیانی غوربەت هەراسان و بێزاربووە، بۆیە بیری گەڕانەوەی کردووەو بڕیاری داوە جارێکی دیکە بە کەسوکارەکەی شاد بێتەوە.